# "له براكوژيی گیانی یه‌وه
# به‌ره‌و براكوژیی زمانی"

## ئه‌وی ناشیبیانه یاری به ئاگر بكات، هه‌ر خۆی به گڕی ئاگره‌كه ده‌سووتێ

**ئه‌ڵمانیا: جه‌مال نه‌به‌ز**

حه‌زمنه‌ده‌كرد له‌م كاته‌دا بێمه ئه‌م مه‌یدانه‌وه، چۆنكه به چه‌ند بابه‌تێكی دیكه‌وه ده‌ستمگیراوه، به‌ڵام چارچییه؟ كورد گوتوویانه "شه‌ڕه و یه‌خه‌ت ده‌گرێ، ئه‌گه‌ر نه‌یكه‌یت، خواده‌تگرێ". ئه‌م شه‌ڕه‌ش، هه‌ر یه‌خه‌ی منی نه‌گرتووه، كه ساڵانی ساڵ خه‌ریكی زمانه‌وانیی كوردی بووم، به‌ڵكو یه‌خه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌كی گرتووه، ئه‌مه‌ش، وه‌ك ئه‌وه‌ی ئه‌م كورده، له‌هه‌موو شتێكی ته‌واوبێ و، له بێكاریدا بێزار بووبێ و، شه‌ڕی له به‌تاڵی پێ باشتر بێ و، له‌مه‌وه كه‌وتبێته شه‌ڕه‌قۆچی شێوه‌زاری "سۆرانی و بادینانی". شه‌ڕه‌كه‌ش له‌ڕێی ٥٣ كه‌سه‌وه هه‌ڵگیرسێندراوه كه پێیانوایه په‌یدابوونی زمانێكی دیوانی (ره‌سمی)، به‌خواستی وان و،به‌زۆری دارێی سه‌ركرده‌ی چه‌ند حیزبێكی باشوور و، له‌نێویاندا "یه‌كگرتووی ئیسلامیی" كه لایه‌نگره‌كانی، هیچ رۆژێك بیریان له خزمه‌تی زمانی كوردی نه‌كردووه‌ته‌وه و، له‌باتی رۆژباش ده‌بێژن "سه‌لام" كه له "شالۆم" ی عیبرییه‌وه هاتووه، نه‌ك سڵاو/ڤ كه وشه‌یه‌كی ره‌سه‌نی كوردییه و، له‌گه‌ڵ Salutare ی لاتینی و Salute ی ئینگلیزی و Salut ی فه‌ره‌نسی هاوڕه‌گی یه‌كن، به‌ڕاستی جێی داخ و خه‌فه‌ته كه ده‌بینین له‌نێو ئه‌و (٥٣) واژۆلێده‌ره‌دا، كه به په‌نا بردنه به‌ر ده‌سه‌ڵاتی حیزبه‌كان، ده‌یانه‌وێ زمانێكی نووسین بسه‌پێنن به‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌ی كورددا، كه هێشتا نه‌بووه به‌زمانێكی ستاندارد، كه‌سانێكی دڵسۆژ و دڵوده‌روون پاكیشیان تێدایه. ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ش وای له هێنده‌ك حیزب و كۆمه‌ڵه‌ی سه‌ر به باكووری كوردستانیش كرد، وه‌ك كه‌نه‌كه KNK و ئینستیتۆی كورد له به‌رلین، كه ئه‌وانیش بكه‌ونه سنگ ده‌رپه‌ڕاندن و به‌ربه‌ره‌كانی و خۆده‌رخستن و،

بەمەش ئاگری ناکۆکیی خۆشتربکەن و، چاوی دوژمنانی نەتەوەی کوردی پێ گەش بکەن و، دڵی ڕەشوڕووتی کوردی پێ ڕەش بکەن، هەر بۆ ئەوەی، تەپڵ و زوڕنای **"دووستانداردیی زمانی کوردی"** بکەوێتە گەڕ.

جا لەبەر ئەوەی خۆم هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکەم و، لە گەلێک هاوبیر و دۆست و ناسیاویشەوە، رووئرالێم کە بیروڕای خۆم لەم بارەیەوە دەرببڕم، وا ناچارم بێمە دەنگ.

بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ بێژم کە ئەم چەند دێڕەی لەم گوتارەدا جێیانگرتووە، هەر قسەی ئەوڕۆم نین، بەڵکو قسەی ٥٢ ساڵ لەمەوبەرمە و، لە نامیلکەی "خوێندەواری بەزمانی کوردی" کە لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە کەرکووک نووسیومە و، لە ١٩٥٧دا لە بەغدا چاپکراوە، لێیدواوم. لەوێدا و، لەپاڵ ئەو بەرهەڵستانەدا کە دێنە بەردەم خوێندەواری بەزمانی کوردی، گیروگرۆی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووم خستووەتە بەرچاو و، پێشنیازی دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاریی – زمانەوانی (ئەکادێمیای زمانەوانی) م کردووە بۆ ڕێبەریکردنی چارەسەری ئەم کێشەیە.

ئەو نامیلکەیە، پاش سی ساڵ، واتە لەساڵی ١٩٨٧ دا لە سوێد، جارەکی دی چاپکراوەتەوە و بۆ جاری سێیەمیش، پاش پەنجا ساڵ، واتە لە ٢٠٠٧ دا، لە نەرویج ئامادەکراوەتەوە و لە ماڵپەڕەکانی **"کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان"** و **"کوردبوون"** و هەفتەنامەی **"میدیا"** و **"پەرتۆک"** دا هەیە و، هەر کەسێک بیەوێ، دەتوانێ لەو ماڵپەڕانەوە رایبکێشێ و وێنەیەکی بۆخۆی لێ چاپ بکات.

بێجگە لەمەش، لەساڵی ١٩٧٤ دا و، لەژێر نێوی "زمانی یەکگرتووی کوردی" دا، باسێکی زمانەوانیم لە ئەڵمانیا، لەریزی بڵاوکراوەکانی "نوکسە" (یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا" بەچاپ گەیاند، وەک بەشداریکردنێکی دەستپێشکەرانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرۆیە و، بە پێچەوانەی ئەو ئەورووپاییانەی کە خەریکی زمانی کوردی بوون و، لە نەزانینەوە، زمانی کوردییان دابەشکردووە بە سەر دووشێوەزاری کرمانجیی باکوور و کرمانجیی باشوور دا، چۆنکە ئەوانە، شێوەزاری گۆرانی – کرمانجکی (زازاکی) و لەکی و لوڕی، بەکوردی نازانن، من زمانی کوردیم دابەشکرد بەدوو شێوەزاری سەرەکی: کرمانجیی باکوور و کرمانجیی ناڤین (نێوەراست) و دوو شێوەزاری لاتەنیشت: کرمانجیی باشوور و گۆرانی –

کرمانجکی (زازاکی). ئەم دابەشکردنەش، لەبارەی چالاکی و فراوانیی نووسینەوە بوو بەو شێوەزارانە، نەک لەبارەی گرنگیی شێوەزارە سەرەکییەکان، یان ناگرنگیی ئەو شێوەزارانە، کە بەلاتەنیشت لەقەڵەم دراون، ئەگەنا هەموو شێوەزار و بنزارێک گرنگیی خۆی هەیە و بەشێکە لەزمانی کوردی.

لەساڵی ١٩٧٥ دا، وتارێکم بەزمانی ئەڵمانی لەژێر نێوی "زمانی نووسینی کوردەکان (Die Schriftsprache der Kurden) لە ئینسیکلۆپیدیای ئێرانەوانیدا کە بە Acta Iranica بەنێوبانگە (ژ ٢، ل ٩٧ – ١٢٢)، بڵاوکردەوە و، لە هەردوو بەرهەمەکەی دواییدا، هۆیەکانی پەیدابوونی شێوەزارم لە زماندا و، بەتایبەتیی لە زمانی کوردیدا خستنە بەرچاو و، بەراوردکارییەکم کرد لەنێوان هەردوو شێوەزارە سەرەکییەکەدا، لەبارەی مۆرفۆلۆژی و دەنگناسی و ڕێزمان و وشەناسی و ڕێنووسەوە و، گەلێک پێشنیازم خستنەڕوو بۆ لێکنێزیککردنەوەی هەردوو شێوە زارە سەرەکییەکە لەیەک و، سووتوەرگرتن لە یەک و، گونجاندنیان لەگەڵ شێوە زارە لاتەنیشتەکاندا. لە وتارێکیشدا لەژێر نێوی **"کورد و کێشەی زمان" کە لە گۆڤاری "کۆنگرە" ژمارە ٣٨، مانگی پووشپەڕی ساڵی ٢٧٠٧ ی کوردی (جۆنی ٢٠٠٦ی زاینی)، لە هەفتەنامەی "میدیا" ژمارە ٢٤٤ و ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٦/١٣** بڵاوکرایەوە، هێندەک پێشنیازی دیکەم بۆ نێزیککردنەوەی شێوە زارەکان خستە بەرچاو. بۆ وێنە: جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێرینە و مێینە بە نیشانەپێدانیان، تەنیٚ لە کاتێکدا بیٚ کە ئەو جیاکردنەوەیە نرخێکی ڕێزمانیی هەبیٚ، نەک ئەوەی، مێز، بەرد، دار، بە میٚ، یان بەنێر دابنرێن، کە ئەو جیاکردنەوەیە نرخێکی ڕێزمانیی نییە. هەروەها، وازهێنان لە پاشکۆی ناپێویست، ئەمانەش وەک هۆیەک بۆ هاسانکردنی زمان.

ئەوەی ئەز ئاگام لێبیٚ، ئەوەیە لەو سەردەمانەوە هەتا ئەورۆ، بەرهەمێکی زمانەوانیی زانستانە کە، شتێکی نوێی خستبێتە سەر ئەو کارانەی سەرەوە نەکراوە. ئەگەرچی، ئەمە ١٧ ساڵە، حەڤدەساڵی ڕەبەق، لەنێوچەیەکی پان و بەرینی باشووری کوردستاندا، دەرفەتێکی زۆر باش هاتووەتە پێشەوە بۆ کردنی ئەو کارە. بێگومان ئەگەر ئەم حەڤدەساڵە، بەشەڕی "براکوژی" و بەڵێنی ناڕاست و گوێنەدانە چارەنووسی خەڵکی کوردستان و حیزبحیزبێنەی ماڵوێرانکەرانە نەبرایەتە سەر و ئاوڕێک لە زمان و فەرهەنگی کورد بدرایەتەوە و، بەشێوەیەکی زانستانە هەوڵی

نێزیککردنەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بدرایە لەلایەن مرۆڤی لەزمانەوانیدا پسپۆڕ و، سیستەمی خوێندنی زمانی کوردی، لە هەڕەمەتییەوە، بگۆڕدرایە بە سیستەمێکی پەروەردەی سەردەم، ئەوا ئەورۆ دەتوانرا باس لە زمانێکی ستاندارد بۆ زمانی کوردی بکرێت و، ئەو حەلە دەکرا، لە کاربەدەستان داوا بکرێ کە پشتگیریبکەن، نەک شێوەنووسینێکی تایبەتی بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. ئاشکراشە، هەموو ئەوانەی کە تا ئێستە لەم باسە دواون، زمانی نووسین و زمانی ستاندارد، بە یەک شت دەزانن. ئەوەش نەزانییان دەردەخات. راستە، هێندەک جار زمانی نووسین و زمانی ستاندارد یەک شتن، بەڵام هەر گەلێک زمانی نووسینی هەبوو، مانای ئەوە نییە زمانی ستانداردی هەیە. بۆوێنە: فارس وترک زمانی ستانداردیان نییە. فارسەکان هەزار ساڵ پترە زمانی نووسینیان هەیە، بەڵام زمانی ستانداردیان نییە (فارسیی ئێرانی و فارسیی دەریی ئەفغانی و فارسیی تاجیکی سێ زمانی نووسینن)، ترکەکان (حەوت – هەشت زمانی نووسینیان هەیە، ترکیی ئەستەمووڵی و شەش جۆرە زمانی نووسینی ترکەکانی کۆنە سۆڤێت و، زمانێکی نووسینی ترکەکانی ئێران).

شایانی باسە، کوردیش، وەک فارس و ترک، زمانی ستانداردی نییە، بەڵکو دوو جۆرە زمانی نووسینی هەیە. ئەوەی کە هەندەک کەس پێیدەڵێن **"جووت ستاندارد"**، راست نییە و، سا یان لە نەزانی، یان لە نابەرپرسیارەتییەوە دێ، چۆنکە هیچ شێوەزارێکی نووسینی کوردی، جارێ نەبووە بە ستاندارد. نە ئەمەی کە لەبەشێکی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێیدەنووسرێ و، بە هەڵە بە "سۆرانی" دەدرێتە قەڵەم و، جاران پێیدەگوترا "کوردیی پەتی" و، نە ئەوەی کە لەسەر بنچینەی شێوەزاری جزیر و بۆتانە و، بەشێک لە کوردەکانی باکوور و رۆژاڤا و کۆنەسۆڤێت و بادینان و مووسڵ پێیدەنووسن و، بە هەڵە بە "بادینانی" نێودەبرێ، هیچیان ستاندارد نین. **زمانی ستاندارد، بەو زمانە دەگوترێ، کە چ لەباری رێزمان و چ لەباری دەنگناسی و چ لەباری رستەسازی و چ لەباری وشەناسی و چ لەباری رێنووسەوە، شێوەیەکی قاڵبەستووی وەرگرتبێ و، شێوای دەستکاری و هەرکەس بۆخۆیی نەبێ، کە بەو زمانەش نووسرا، هەر بەو شێوەیە بنووسرێ.** ئەمەش لەزمانەکانی نووسینی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و گەلێک زمانی دیکەدا دەبینرێ و، لەهەموو لایەکێشەوە پێڕەویی دەکرێ، خۆ ئەگەر

گۆڕانێکیش بەپێویست زانرا، ئەوا لەڕێی ئەکادێمیای زمانەوانییەوە دەکرێ و، ئەوەش پاش لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن و کوور (قووڵ)، نەک بەبڕیاری حیزبەکان. ئەو حیزبانەی کە بە فەرمانێکی "شاهانە"، ئاشبەتاڵیان بە "کۆڕی زانیاریی کوردستان" کرد و، بە فیفتی فیفتی پارتی و یەکێتیی، باریانکردەوە بەسەر هەردوو لایاندا. دیارە ئەم تایبەتکارانەی زمانی ستاندارد کە باسکران، لە هەردوو شێوەزارە کوردییەکەدا نین کە بوونەتە زمانی نووسین و بڵاوکردنەوە. هەر بۆ وێنە، وەرن تەماشای رۆژنامەکان و ئەو چاپکراوانە بکەن کە بەو شێوەزارە دەنووسرێن کە پێیدەگوترێ "سۆرانی"، ئەوەتە یەکێک دەنووسێ "دەچم"، ئەوی دیکە دەنووسێ "ئەچم". یەکێک دەنووسێ "بەسەریا کەوتم" ئەوی دیکە دەنووسێ "بەسەریدا کەوتم". یەکێک دەنووسێ "زەرەنگەر" ئەوی دیکە دەنووسێ "زێڕینگەر". یەکێک دەنووسێ "وەرگێڕدراو"، یەکێکی دی دەنووسێ "وەرگێڕاو". یەکێک دەنووسێ: "دەدەن" ئەوی دی دەنووسێ "ئەیەن". ئەمە، لەشێوەزاری باکووریشدا کە نێویاننناوە "بادینانی"، هەروایە وبگرە لەمەی "سۆرانی" خراپترە. پێڕەوینەکردنی رێنووسێکی لەبار و جێگرتووش، ئەوەش دەردێکی دیکەیە و لەهەموو کەس ئاشکرایە. ئێدی، زمانی ستانداردی چی؟

ئەوجا زمانی ستاندارد، هێندەک جار لەخۆیەوە و، بەهۆی هەلومەرجێکی نێوخۆییەوە (کولتووری، ئاینی، بازرگانی، رامیاری .... هتد) دروستدەبێ و، هێندەک جاریش، شێوەزارێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتێکەوە دەکرێ بەزمانی دیوانی و، جاری واش هەیە، لەلایەن زانایان و نووسەران و هۆزانڤانان و هۆنەروەرانەوە لەسەر بنچینەی شێوەزارەکان و داهێنانەوە، لەسەرخۆ دروستدەکرێ و، لەڕێی پەروەردەی قوتابخانەکان و دەستگەی راگەیاندنی گشتییەوە، بەخاوەن دەکرێ و، بەرە بەرە شوێنی خۆی دەگرێ. ئەم رووداو و هەڵکەوتانە، لەبەختی شڕی کورد، بەسەر زمانی کوردی نەهاتوون. ئەم باسەشم بە تێروتەسەلی و بەزمانی ئینگلیزی، لەسەمینارێکدا لەژێرنێوی "زمانی کوردی، لەزمانێکی دەڤۆکییەوە بۆ زمانی نووسین"، لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا پێشکێشکرد، لەلایەن زانستگەی سۆربۆنی (پاریس) ەوە، کە لە ١٩٩٣/١١/٢٨ دا بەسترا، لەژێر نێوی "زمانی کوردی بەرەو ساڵی دوو هەزار". ئەم سەمینارە لە ئینگلیزییەوە، لەگەڵ سەمینارێکی دیکە کە بەزمانی

ئەڵمانی لە "جڤاتی کورد لە بەرلین" لەژێرنێوی "کورد، مێژوو و کولتووریان" لە ١٩٩٧/٩/١٩ دا پێشکێشمکردووە، کراون بە کوردی و بە تیپی لاتینی و، لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی "ئاڤێستا" وە لە ئەستەموول، لەیەک بەرگدا و لە بەهاری ئەمساڵدا بڵاوکراونەتەوە.

راستە، ئەم شێوەنووسینەی کە بەهەڵە نێویانناوە **"سۆرانی"** لەسەتەی رابوردووەوە، بەتایبەتیی لەپەنجاساڵی دواییدا، بەخزمەتی تاکەکەسی، تا هەندازەیەک پێشکەوتووە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەوەی کە بووبێتە ستاندارد، تاکو بسەپێندرێ بەسەر ٤٠ ملیۆن کەسدا، بەتایبەت، چۆنکە ٢٠ ملیۆن کورد هەن، ناتوانن بەم رێنووسەی کە ئەم "سۆرانی" یەی پێدەنووسرێ بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵی رابێن وچێژی ئەو وێژە بەرزە بکەن کە بەم شێوەزارە نووسراوە. ئێدی چۆن فێریبن؟ فێربوونی ئەو رێنووسەش بۆ خەڵکی باکوور لەم رۆژەدا، نەبوو نەکراوە.

هێژای گۆتنە، هەر پاش بڵاوبوونەوەی تکانامەی ئەو ٥٣ کەسە کە درابوو بە کاربەدەستانی حکوومەتی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و حیزبەکان، ژمارەیەک وتار لەو بارەیەوە بڵاوبوونەوە، کە هێندێکیان بۆ پشتگیریی ئەو تکانامەیە بوو، کە لە بەشێکیاندا، تەنانەت سووکایەتیش بەخەڵکی بەرۆمەت و زەحمەتکێشی بادینان و باکووری کوردستانیش کرابوو، کە ئەوەش دیارە سێرەی رۆشنبیری و پلەی نیشتمانپەروەریی ئەو کەسانە پێشاندەدا کە خۆیان کردووە بە دەمڕاستی کورد. لێرەدا نامەوێ هەموو ئەو قسە ناشرینانە بهێنمەوە پێش چاو، لێ هێندە دەبێژم، لەوتاریکی دووروردرێژدا، کە لە چەند ماڵپەڕێکدا بڵاوکرابووەوە، یەکێک، وەک مەلاکانی سەردەمی عوسمانی، کە قسەکانی خۆیان بەمەبەست، بەوشەی عەرەبی دەئاخنی، ئەمیش، بێ چاوێنی بێ، پلار و توانجەکانی بە گەلێک وشەی ئەورووپایی سواخ دابوو، وەک "ئەرگیومەنت" و "مۆتیڤ" و چی و چی و، خێراخێراش، قسەی هێندەک ئەورووپایی تێخستبوو، بۆ ئەوەی پێمان بسەلمێنێ کە کوڕە باشەکە، خوێندەواریی ئەورووپایی هەیە و، سڵیشی لەوە نەکردبووەوە کە ئەوانەی بیر لە یەکێتیی زمانی کوردی دەکەنەوە و، زمانی کوردی بەیەک زمان دەزانن و، نەتەوەی کورد بە یەک نەتەوە، بە "پان کوردیست" نێوببا. کە ئەم وشەی "پان کوردیست" ە، بۆ یەکەمینجار و، لەکۆتایی شەستەکانی سەتەی رابوردوودا، سیخوڕێکی ساواکی

سەردەمی شای لێخراوی ئێران، بەنێوی خواستەمەنیی "ماکان" ەوە، لە نامیلکەیەکدا کە بەزمانی فارسی دژی کورد نووسیبووی، لەژێر سەرنێوی "افسانه خلقهای ایران" (ئەفسانەی گەلانی ئێران)، ئەم وشەیەی بەکارهێنابوو لەدژی شەهید ئەوڕەحمانی قاسملۆ، بۆ ئەوەی بە مێشکی بۆشی خۆی بیسەلمێنێ کە کورد گوایە نەتەوە نین، بەڵکو هۆزێکن وزمانەکەیان شێوەزارێکی فارسییە و، تەنانەت زاری ترکیی ئازەریشی بەشێوەزارێکی فارسی دابووە قەڵەم. کاکی "ئەرگیومەنت" بازی خۆشمان، دەبێ ئەوە بزانێ، کە ئەم قسانەی وی، لە عێراقچێتییەکی کاڵفامانە بەولاوە، هیچی دی ناگەیەنێ و، کە قسەکانی هێندەک ئەوروپایی، بەڵام بێ بۆنە، دەخاتە نووسینەکەیەوە، با بزانێ کە چەند ساڵێک لەمەوبەر، بیر لە چاکسازییەک کرایەوە لەڕێنووسی زمانی ئەڵمانیدا، بۆ ئەمە، جەرمانیستەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا و لۆکسەمبۆرگ و ئۆستەرالیا و خوارووی ئەفریکاش، چەند جار و چەند جار کۆبوونەوە و، ماوەیەکی زۆر وتووێژیان لەبارەوە کرد، ئەوەش لەسەر گۆڕێنێکی یەکجار کەم و، کەسیش پێینەگوتن "پان جەرمانیست" و، کە بڕیارەکانیش بڵاوکرانەوە، هێندەک قوتابخانە پێی رازینەبوون، لە ئەنجامدا، کێشەکە بەناچاری خرایە بەردەم دادگەی بەرزی ئەڵمانیا کە، ماوەیەکی باش پێوەی خەریکبوو و، گوێی لە راپۆرتی گەلێک پسپۆڕان گرت و، پاش دەستکاریکردن، ئەوجا بڕیاریدا لەسەری.

هەر لەو وتارانەشدا، کە نووسەرەکانی، بیانەوێ و نەیانەوێ، قسەکانیان لەهەستێکی عێراقچێتیی، یان ئیسلامچێتییەکی عەرەبانەوە دەرپەڕیوە، دوژمنایەتییەکی زۆر خەست بەرامبەر رێنووسی لاتینی پێشاندەدرێت و، نەزانانە هەوڵدەدرێت، وا پێشانبدرێت کە، ئەمە لاساییەکی ئەتاترکییە. هەی قوڕ بەسەر کورد، کە ئەمانە خوێندەوارەکانی بن. ئەم نەزانانە، ئاگایان لە مێژووی رێنووسی کوردی نییە. رۆشنبیرانی کورد، هەر لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە و، ساڵانێک پێش ئەتاترک، بیریان لەڕێنووسی لاتینی کردووەتەوە. پێشەنگی ئەم کارە رەوانشادان محەممەد باشقە (باشەگە – کە کوردێکی فەیلی رۆشنبیر بوو) و تۆفێق وەهبی و ئەحمەد موختارجاف و جەمالی عیرفان و ئەحمەد بەهجەت قەراخی و بەدرخانییەکان و دوکتۆر سەعیدی کوردستانی بوون (کە ئەمی دوابیان کوردێکی سنەییی گۆڕانی و سەر بە ئایینی دیانی بوو). بەڵام ئەوە بوو، داگیرکەرانی عەرەب لە

عێراقدا کە عەرەبایەتی و ئیسلامەتییان کردووە بە یەک شت و، وەک کوتەکیک بۆ لێدانی کورد بەکاریدەبەن، بە **"ئەرگیومەنت"** ی ئیسلامچێتیی لەدژی وەستان و، رێیاننەداپێی. ئەمەیان وا و، هەڵبژاردنی ئەلفوبێی لاتینی، لەجیاتی ئەلفوبێی رۆژهەڵاتی، بۆ نووسینی کوردی، لەبەر ئەوە نییە کە کورد خۆی لە عەرەب جیابکاتەوە، یان ئیدی نەتوانێ قورئان بخوێنێتەوە، وەک ئەمان دەبێژن. قورئان بەزمانی عەرەبییە و دیارە کورد تێیناگەن، لەبەر ئەوە دەبێ بکرێ بەکوردی و، بە کوردی بخوێندرێتەوە و، بە مێشکێکی کوردی، لێکبدرێتەوە. زمانی کوردیش، وەک زمانی عەرەبی و هەر زمانێکی دیکە، خوا ئەفراندوویەتی و هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە. بێجگە لەوەش، ئەو ئەلفوبێیەی کە پێیدەگوترێ "ئەلفوبێی عەرەبی وئیسلامی"، نە ئەلفوبێی عەرەب بووە و نە هی ئیسلام. ئەلفوبێی عەرەبی، وەک لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە گوتوومە، لەبنەڕەتدا ئەلفوبێی ئارامیی جوولەکەکان بووە، پاشان بە گۆڕانێکەوە بوو بە ئەلفوبێی عارەبە بتپەرستەکان. لەمەش بترازێ، کاتێک گەلێک دەیەوێ، ئەلفوبێیەک بۆ زمانەکەی خۆی دیاریبکات، ناچێ لە خۆشەویستی، یان لەڕکی کەس،ئەوکارە بکات. خۆ ئەگەر ئەوە بکات، ئەوە گەمژەیەتییە، وەک گەمژەیەتیی بەربەرەکانێی رێنووسی لاتینی بۆ زمانی کوردی، بە "ئەرگیومەنت" ی بێ وەجانە. بۆ رێنووسی کوردی، دەبێ ئەلفوبێیەک هەڵبژێردرێ کە فێربوونی سووک و هاسان بێ و، لەگەڵ دەنگناسی و رێزمانی زمانەکەدا باش بگونجێ و، خاڵ و چوکڵەی کەم بێ و، وێنەی دەنگەکانیشی، بەپێی شوێنیان لەوشەدا، نەگۆڕێ، یان زۆر کەم بگۆڕێ. **واتە : ف، ڤ، چ، ح، خ، ب، ت، ... هتد، هەر یەکەیان بە چوار وێنە نەنووسرێن (لەسەرەتادا، لەنێوەڕاستدا، لەبنەتادا، بەتەنێ و هەر یەکە بە جۆرێکی دی ...) دە ئەو ئەلفوبێ هاسانە گونجاوە بۆ زمانی کوردی، ئەلفوبێی لاتینییە، نەک ئارامی. بێجگە لەوەش، دەمێکە پێشنیازی ئەوەم کردووە، کە لە جیاتی C و S ی چوکڵە لەژێر، بۆ چ و ش، Ch و Sh بنووسرێ و واز لە بزرۆکە (i) بهێنرێ و ئەو (i) یە لە جیاتی (ی) بەکارببرێ لە کاتێکدا کە ێ بەدووو ee بنووسرێ. شایانی باسە، ٢٠ ملوێن کوردی باکوور، نە ئەو بوارەیان هەیە و، نە ئەو هەلومەرجەیان بۆ رەخساوە، کە بچن فێری ئەم تیپە رۆژهەڵاتییە ببن، تا بتوانن نووسینەکانی خەڵکی باشوور و رۆژهەڵات بخوێننەوە و شارەزای ببن. بەدڵنیاییشەوە دەبێژم، تا ئەلفوبێی**

کوردی، لەسەر بنچینەی ڕێنووسی لاتینی بیرازکراو، یەکنەخرێ، باسی نێزیککردنەوەی شێوەزارەکان لەیەک و زمانی ستاندارد، هەروەک دەوەن بە ئاش وایە. مەبەستیشم لەمە، ئەوە نییە کە دەستبەجێ ماڵئاوایی لەم ئەلفوبێ ڕۆژهەڵاتییە بکەین، بەڵکو دەڵێم، شانبەشانی ئەوە، ئەلفوبێی لاتینیی چاککراو (دەستکاریکراو و بیرازکراو) بهێنینە کایە و پێی بنووسین.

لەبەر ئەوە، سەپاندنی شێوەنووسینێک وەک ستاندارد، لەکاتی ئێستەدا و، بەتایبەتی، کە گەلێک کاری چارەنووسساز هەن چاوەڕوانی راپەڕاندنن، وەک: کێشەی کەرکووک و نێوچە داگیرکراوەکانی دیکە و، پشتگیریی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژاڤای کوردستان و، بەدەنگەوەهاتنی داخوازییەڕەواکانی خەڵکی هەرێمی باشوور لەدژی گەندەڵیی بەڕێوەبەرێتی و، هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەنفال و چەکی کیمیایی بە گەلکوژیی لە کورد و، دەستنیشانکردنی هەڵوێستی کورد بەرامبەر پەیماننامەی زێرەڤانی، کە ئەمریکا دەیەوێ لەگەڵ عێراق بیبەستێ و، بەرگریی بۆمبارانکردنی سنوورەکانی باشووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی ترک و فارسەوە و، بەربەرەکانێی ڕەشەکوژی لە ژنان و .. هتد، ئەوا، خەریککردنی خەڵک بەکێشەی زمانی ستانداردەوە، بێئەوەی هیچ ئامادەکارییەک کرابێ بۆی، لەزیان بەولاوە، هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێ. خۆ ئەگەر کورد هەموویان، هەر لە عێراقدا بوونایە، یان هەر هەموویان لە عێراق و ئێراندا بوونایە، دەکرا ئەم شێوەنووسینە، بە هێندەک چاکسازییەوە، بکرێ بەزمانی ستاندارد. ئەگەرچی شێوەزاری دیکەش هەن لەم دوو وڵاتە، بەڵام ڕێنووس لەهەر دوولا یەکە و، ماوەیەکی زۆریشە ئەم شێوەنووسینە، لە هەردوو لادا بەکار دەبرێ.خۆ ئەگەر بهاتایە و کورد هەموویان، لەسنووری یەک دەوڵەتدا بژیانایە و، هەموو شارەزای یەک ئەلفوبێ و ڕێنووس بوونایە و، شێوەزارێکیان، زمانی زانست وتەکنیک و هونەر و وێژە بوایە، ئەوانی دیکەش دەڤۆکی (سەرنج: دەڤۆکی وشەیەکی دیکەیە بۆ دەمۆکی دەڤ/دەم ە) بوونایە، ئەوا ئەو دەمەش هەردەکرا، ئەو شێوەزارە بکرێتە زمانی دیوانی. بەڵام کورد نەتەوەیەکی بێ دەولەتی دابەشکراوە و، سنووری پارچەکانی وڵاتەکەی بە تانک و تۆپ و لەشکر گیراوە و، دەسەلاتی هەرێمی "سێ باژێڕیش"، نامەخوا، لەو سێ شارە تێپەڕ ناکات و، حەڤدەساڵیشە هیچ ئاوڕێک لەزمانی کوردی نەدراوەتەوە و، پێنج

ساڵیشه له کەرکووکدا، دوو جۆرە پەرتۆک و، دوو جۆر پەروەردە پێڕەودەکرێن و، حیزبحیزبێنه و بنەماڵەپەرستی، دۆکەی کوردی بەتەواوی ترش کردووە. ئێدی ئەم داخوازییە بێسەروبەرە کە، بەرەوڕووی دەسەڵاتی هەرێم کراوەتەوە، تا فەرمانی بۆ دەربکات، له خەیاڵی خاو بەولاوە چیدیکە نییە و، خۆ ئەگەر بکرێ، ئەوا دەبێ کورد خۆی بەدەستی خۆی، سنووری زمانەکەی و وڵاتەکەی تەسک بکاتەوە، ئەو دەمە زمانی کوردی بەرەو "دووزمانی" و "چەندزمانی" یش دەچێ.

**راستییەکەی، ئەگەر بێتو، ئەو شێوەزارەی کە نیویانناوە "سۆرانی"، بەم ئەلفوبێیەی ئێستەی و بێ بەکارگرتنی ئەلفوبێی لاتینی بیرازکراو و، بەبێ یارمەتی شارەزایانی هەموو شێوەزار و بنزارەکان، بسەپێندرێ بەسەر هەرێم و کورددا و، پشت بکرێتە هەموو کوردەکانی باکوور ورۆژاڤا، ئەو دەمە دەبێ رژێمی ترک  وسووریا زۆر سوپاسی ئەوانە بکەن کە بوونەتە هۆی ئەم کارە دزێوە و، پشتیان کردووەتە هاونەتەوەکانی خۆیان له باکوور و ئەنادۆڵ و رۆژاڤا و، کەوتوونەتە براکوژیی زمانی.**

کاتی خۆی، ستالینی تێرۆریست و ئەنفال له کوردکەر، لەبەر خاتری رژێمی ترک، ئەلفوبێی رووسیی سەپاند بەسەر کوردەکانی کوردستانی سۆردا و، نەیهێشت بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسن، نەبا کوردەکانی باکوور، سووت له بەرهەمی کوردەکانی بندەستی سۆڤێت ببینن. ئەم ٥٣ کەسەش، ئێدی بزانن، یان نەزانن، هەر بەو رێیەدا هەنگاو دەنێن کە ستالین نەخشەی کێشابۆی. خۆ ئەگەر جەلادەت بەدرخان کە ئێستە کۆنە دەروێشەکانی ستالین دەڵێن "سیخوڕ" بووە، ئەو ئەلفوبێ لاتینییەی دانەهێنایە و، زمانی کوردی بە تیپی ئارامی دەستکاریکراو بنووسیایە، ئەوا ئەمڕۆ کوردەکانی باکوور، بێ نووسین و بێ خوێندەواریی کوردی دەمانەوە. لەبەر ئەوە، لێرەشدا رووی گلەیی و گازندەم له مرۆڤە دڵسۆژەکانیانە، چۆنکە ئەوانی دی، وەک فارسەکان دەبێژن "معلوم الحال" ن، ئەی باشە، ئەمانە نەبوون کە خەریکی ئەوەبوون، مارشی کوردستان و ئاڵای کوردستان بگۆڕن؟ ئەی لەو رۆژانەدا، له حەفتەنامەی **"میدیا"** دا، پێشبینی ئەوەمنەکرد کە سەرەش دێتە سەر زمان و نەمنووسی: "هەرەسهێنانیش بەکۆشکی داڕووخاوی زمانی کوردی، کە بە رێکەوت چەند کۆڵەکە و نێرگەیەکی لەجێی خۆیدا ماون، بۆ ئەمەش "خوا کەریمە .... هتد" (وتاری "زیندووکوژی مردوو پەرست" "میدیا" ژ ٢٣٨، رێکەوتی ٢/٥/٢٠٠٦) .

زمانی کوردی، هەر کرمانجیی باکوور و ناڤینی نییە، بەڵکو شێوەزارەکانی گۆرانی – کرمانجکی (زازایی) و کرمانجیی باشوور و لۆڕی (فەیلی و کەڵهوڕی و ... هتد) و گەلیک بنزاری هەیە کە، هەموویان سەرمایەی ئەم نەتەوەیەن و، دەبێ هەموویان تۆماربکرێن و سووت وەربگیرێ لێیان بۆ هێنانە بوونی زمانی ستاندارد. لە پەرتۆکی "وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی" دا کە لە ٢٠٠٧ ەوە لە ماڵپەڕەکانی "کوردبوون" و "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان" و "میدیا" و "پەرتۆکخانەی کوردی" دا هەیە، پێشنیازی دانانی ئینسیکلۆپیدیایەکی زمانی کوردیم کردووە کە، لەڕێی ئینتەرنێتەوە بکرێ و، هەموو شێوەزار و بنزارەکان بگرێتە خۆی و، هەموو نەتەوەی کورد لە دروستکردنیدا بەشداربێ. بێجگە لەوەش، دەبێ لەهەموو قوتابخانە سەرەتایی و نێوەندی و دوانێوەندییەکانی ئەو شوێنانەدا کە بەدەست کوردەوەن، زمانی کوردی، هەموو رۆژێک، بەلانی کەمەوە، دوو دەمژمێر بخوێندرێ و ئەو پەرتۆکانەی کە ئامادە دەکرێن، دەبێ هەموو شێوەزارەکان، بەڕێزمان و وشەناسییەوە، بەشێوەیەکی بەراوردکراوانە و پلەپلە، فێری قوتابیان بکەن. ئەوجا کە زمانی ستاندارد، زانایانە و لەسەرخۆ و، بە رەچاوگرتنی لایەنە رەسەنەکانی هەموو شێوەزار و بنزارەکان و، لەسەر بنچینەی رێزمانێکی یەکگرتوو، دروستکرا، کە ئەم دەستپێشکەرییە دەبێ لە باشووری کوردستانەوە سەرهەڵبدات، ئەو دەمە دەبێ لەهەموو قوتابخانەکاندا بخوێندرێ و پەرتۆکەکان بەو زمانە بنووسرێنەوە، بەلام مامۆستاکان کەڵک لەشێوەزاری ئەو شوێنانە وەربگرن کە وانەی تێدا دەڵێنەوە و، بەو شێوەزارانە، بابەتەکان لە قوتابییەکان بگەیەنن، هەتا زمانە ستانداردەکە بەتەواویی جێی خۆی لەنێو کۆمەڵگەکەدا دەگرێ. بۆ ئەمەش دەبێ مامۆستاکان بەر لەوە، بەهۆی کۆرسی تایبەتییەوە بۆ ئەم کارە ئامادە کرابن. کورت و کرمانجی; سەپاندنی ئەم شێوەنووسینەی کرمانجیی ناڤین، لەم کاتەدا و بەم شێوەیەی ئێستەیی و، بەم رێنووسەی ئێستا، چەند کارێکی دزێوە، ئەوا پێڕەویکردنی "جووت ستاندارد" یش، ژەهرێکە بۆ نەتەوەی کورد، دەبێ خۆمان لەهەردووکیان بپارێزین.

**چینی هوردە بۆرژوای خوێندەواری کورد ، ئەمە پەنجاساڵ پترە، وانەی دوژمنایەتیی نێوخۆیی و حیزبحیزبێنە و نێوچەگەرێتی دەدا بەگوێی کوردی بەشخوراو دا، ئەوە بوو**

**کوردی گەیاندە شەڕی براکوژی، کە لەڕاستیدا کوردکوژی بوو (وەک کاک مەسعوود بارزانی، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، ڕاستەوخۆ دانی پێدانا، ئەگەرچی، بەداخەوە، ئامادە نەبوو، بەرپرسیارێتییەکەی بگرێتە ئەستۆ) ئەو شەڕە چەپەڵە، هەزاران کوردی بێ گیان کرد و، گەلێک دەرفەتی لەدەست کورد دا، کە جارەکی دی ناگەڕێنەوە. ئێستەش بەتەمایە، لەو براکوژییە گیانییەوە، بکەوێتە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی براکوژیی زمانی، بەڵام با دڵنیا بێ کە ڕێی پێنادرێ و، ئەو دەستە چیلکەیەی کە ئامادەی کردووە بۆ کردنەوەی ئەم ئاگرە، هەر خۆی دەسووتێ پێی و تفونەحلەتی ڕۆژگاریشی بەردەکەوێ.**

**کێشەی زمانی کوردی کێشەیەکی نەتەوەییە، نەک نێوچەیی و حیزبی بە تێکۆشینێکی زانستانە و، هۆشیارییەکی ڕۆشنبیرانە و گیانێکی نەتەوەیی و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێ، ئەمەش لە هەلومەرجێکی لەباردا، نەک لەڕۆژی ئەمڕۆ و، لەم بارودۆخەی نهۆدا کە کوردی کوڵۆڵی تێکەوتووە.**

**بەرلین: ٦/٦/٢٠٠٨**